# بۆچی وەزارەتی ناوخۆ نایەوێت خۆپیشاندان بکرێت

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com

هەفتەنامەی هاولاتی لە ژمارە "223"ی ڕۆژی چوار شەممە ڕیکەوتی 2005/5/11 لە هەوالێکدا بلاوی کردۆتەوە کە وەزارەتی ناوخۆی " ئیدارەی سلیمانی " لە ڕوونکردنەوەیەکدا داوای لە سەرجەم گروپ و ڕیکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان دەکات "بارودۆخی ئەمنی لەبەر چاو بگرن وخۆپیشاندان نەکەن " بۆ هەرکەس ئەم ماوەیە شاهیدی بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردوستان بووبێت تیدەگات ئەم ڕوونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ بەشیکە لەو ڕیگریانەی کە دەسەلاتداران دەیکەن بۆ سەرکوت و شاردنەوەی واقیعەتیک کە ئەمرۆ خەلکی کوردوستان هەیانە . ئەم چەند مانگەی ڕابووردو ئیستاش مامۆستایان , خویندکاران , تەکنیکارانی کارەبا , مافناسان , خەلکی ئۆردوگاکان , سەرشەقام و خویندنگاو جیگاکانی کار و ژیانیان کردە شانۆی نمایشیکی عەزیم وسەرسوڕهینەر بەرانبەرحاکمان و دەسەلاتدارانی کوردوستان . ناڕەزایەتی ڕۆژانەی ئەم چین و تویژانەی خەلک لە سلیمانیەوە بۆ دهۆک هاوکاتە لەگەل بنبەست و بیٚ ئاسۆیەکی تەواوی ئەم دەسەلاتدارانە . لە لایەک ناتوانن وەلام بە سەرەتایترین پیداویستیەکانی ژیانی خەلک بدەنەوەو لە لایەکی تر دەسەلاتەکەیان بە قۆناغیکی تەواو شپرزەو ناجیگیری هاوسەنگیدا دەڕوات.خەلکی کوردوستانیش لە ڕوانگەی واقیعەتی ژیانی خۆیان و پیداویستیەکانیان ڕۆژانە دینە سەرشەقامەکان و بە شیوەی جۆراوجۆری مەدەنیانە و شارستانی ناڕەزایەتیەکانیان ڕووبەڕوی دەسەلاتداران ئەکەنەوە .ڕیپیوانی مامۆستایان وخویندکاران دوو نموونەی سەرکەووتوی ئەو ناڕەزایەتیە فراوانانەن . دەسەلاتداران و ڕیکخراوە دروست کراوەکانی دەستیان هەر لە سەرەتاوە وویستیان بە چاو سوور کردنەوەو بەکار هینانی چەک بەر بە لیشاوی داخوازی و هاوپشتی خەلکی نارازی لەیەکتری بگرن . بەلام ناڕەزایەتیەکان و توڕەی خەلک بەرانبەر ناعەدالەتی و فەسادی ئیداری و قاچاغچیتی بە زانست و زانیاریەوە زۆر لەوە گەورە تربوو کە بەری پیبگیریت .بۆیە دەسەلاتداران دوو کاریان هەلبژاردووە لە ئیستادا بۆ خامۆش کردن و سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان لە سلیمانیەوە بۆ هەولیر و دهۆک.1. هەڕەشە لە ناڕەزایەتیەکان و دەست گیرکردنی ئەو ڕابەرانەی هیلی سیاسی و دروست دەدەن بە خۆپیشاندەران نموونەی زیندانی کردنی" ڕیبوار عارف".2. دروست کردنی ڕیگری لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی کردن بەناوی ئەمنیەت و ئاسایشەوە . وەزارەتی ناوخۆ ئەیەویت بە خەلکی کوردوستان بلیت بڕۆن لە مالەوە بمرن و مەیەنە دەرەوە داوای مافەکانتان مەکەن سەبر بکەن چونکە تیرۆر هەڕەشەمان لیدەکات . دەسەلاتداران بە دریژای 14 سال لە حاکمیەتیان ئەم سیاسەتە دەرخواردی خەلکی کوردوستان دەدەن قسە مەکەن بەعس بەرانبەرمانە , قسەمەکەن کاتەکە ناسکە , قسە مەکەن حکوومەتەکەمان ساوایە , قسە مەکەن بۆ ئاسایشی نەتەوەی خراپە , قسە مەکەن هەلبژاردنە با عەرەبە دوژمنەکانمان کورسی زۆر نەهینن , قسە مەکەن خۆپیشاندان مەکەن زەرقاوی یەت بۆمان . ئەمانە هەمووی چەواشەکاری و ڕیگریەکی ئاشکرایە لە نمایش کردنی هیزی خەلکی کوردوستان بۆ بەدەست هینانی داخوازیەکانیان . دەسەلاتداران ڕۆژانە خەریکن برەو بەو کۆبونەوەو کۆڕ و سیمینارانە دەدەن کە سەرمایەگوزاری تیدا دەکەن و قسەیەک لەسەر ئەمنیەت نیە. دەسەلاتداران ڕۆژانە سەد جار بانگەوازی ئەمنیەت و ئاسایشی کوردوستان دەکەن بەلام بۆ خواستیک یەکسەر هەڕەشەلە ئەمنیەت و ئاسایش بە ڕیوەیە . ئەم دەسەلاتدارانە زۆر سەیرن ئەی مەگەر ئەمانە حکوومەتی پاراستنی خەلک نین مەگەر نالین ئیمە دیموکراسین ئەی نابیت پاراستنی سەلامەتی سەری هاولاتیان مسۆگەربکەن . ئەگەر قسە لەسەر ئەمنیەتە ئەوە خۆپیشاندانەکان نین کە فەزا بۆ کاری دژە ئینسانی و تیرۆریستی دروست دەکات, بەلکو ئەوەی گەرای تیرۆریزمی هینایە ناو ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردوستانەوە خودی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بوو . ئەم دەسەلاتدارانەن وەزارەت و سەیارە و چەک و پارە دەخەنە بەردەستی دەستەوتاقمی ئیسلامی و بە ناوی ڕەسەن و ناڕەسەنەوە پۆلینیان دەکەن . هەر ئەم دەسەلاتدارانەبوون لە ڕیگەی هەلبژاردنەوە کوردوستانیان لکاندەوە بە عیراقەوەو خەلکی کوردوستانیان بردەوە ناو هاوکیشەیەک کە هەر تیرۆر و شەڕی قەوم و ستەمی میللی لیدەکەویتەوە . هەر ئەم دەسەلاتدارانەن بوونەتە شەریکی بەرەیەکی شەڕی دوو هیزە تیرۆریستەکەو خەلکی کوردوستانیش بوونەتە سووتەمەنی . هەر ئەم دەسەلاتدارانەن کە ڕیگری جیدین لە بەردەم جیابوونەوەی کوردوستان و پیکهینانی دەوولەتی سەربەخۆ کە تەنها ڕیگا چارەی سیاسی و دروستی بەر گرتنە بە

تیرۆر و نائەمنی بوون و پلە دووی . بۆ ئەوەی خەڵکی کوردوستان به ئارامی و ئاسایش بژین با وەزارەتی ناوخۆ خۆپیشاندانەکانیان سەرکوت نەکات و ئەمنیەتی کۆبونەوە جەماوەریەکانیان بپارێزێت .
سەرکەوتووبێت نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان.
2005/5/16